# دەیان قوربانی لە رووداوی ئاگر کەوتنەوەی دارستانەکانی کۆریای باشوور کەوتەوە

کاربەدەستانی بەرگری شارستانی کۆریای باشوور ڕایانگەیاند، کە ژمارەی قوربانیانی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە بە 28 کەس بەرزبووەتەوە و 37 کەس بریندارى لێکەوتەوە نزیکەی 38 هەزار کەسیش لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونیان ئاوارە بوون.

دەزگای ڕووبەڕووبونەوەی کارەساتەکانی سەربە حکومەت ڕایگەیاند، کە بای بەهێز و وشکسالی هەکاری بەاوبوونەوەی ئاگرەکە بووە و نزیکەی 48 هەزار هەکتار دارستانی سوتاندووە و ژمارەی زیانی تەمارکراوی ئاگر کەوتنەوەی ساڵی 2000ـی تێپەڕاندووە.

بەهێی بارانبارین لە شەوی ڕابردوو، ئاگرکوژێنەوەکان توانیان ڕێژەی ئاگرەکە لە هەندێک ناوچە بە 95% کەم بکەنەوە و لەهەمان کاتدا بەردەوامن لە چاودێریکردنی بارودۆخی ناوچە زیانلێکەوتووەکان وەک ناوچەی ئیسونگ و ئاندونگ.